
# گۆڕانکاری له IE-menuەکەتدا بکە




ئەگەر بە شێوەی ئاسایی چاو لە لاپەڕی ئێنتەرنێت ئیسپلورير Internet explorer بکەی فایلە سەرەکەیەکانی بەم شێوە دامەزراوە: فـایل، نـوێ = File, New, و ئـەوجاریش ژێرفایلێک کە ئەمانەی تێدا گونجاوە: ڤیندۆ، پەیام، پۆســت، پێوەنـدی، وتوێژ لـە ئینتەرنێت دا = Window, Message, Post, Contact, Internet Call، ئەگەر بچیە نێو سیسـتەمی کامپیۆتەرەکەت دەتوانی هەموو ئەمانە بگۆڕی، بـۆ ئـەم کـارەش دەبـێ بچیە نێو ئەدیتۆرەکەت. بۆ ئەم کارەش کرتێک لەسەر دوکمەی ستارت لە سەر شاشەکەت بکە و دووهەمین بابەت "Run..." هەڵبژێرە و تێیدا بنووسە regedit و دوکمەی Ok لێدە. دیارە ئەم کارەش بۆیە دەکەی کە لیلەکە HKEY_CURRET_USER لە مێشکی کەمپیۆتەرەکەدایە ببینیەوە واتە: HKEY_CURRET_USER, Software, Microsoft, Windows, CurrentVersion, Policies, Explorer. ئەگەر یەک کرت لە سەر ئەم کیلە بکەی و بە دووکمەی لای راستی مشکەکەت کرت بکەی نێو بەشی لای راستی پەنجەرەکە و نوێ New و پاشانیش DWORD Value هەڵبژێرە و ناوی بنێ NOExpandedNewMenu. کە ئامادە بوو دوو کرتی لەسەر بکە، پەنجەرەیەکت بۆ دەکاتەوە و لەوێدا بنووسە ١ و بیبەستە و ئینتەرنێت ئکسپلوریرەکەت ستارت بدەوە، ئەوجار دەبینی کە تەنیا New لە فایلەکەدا ماوەتەوە و ژێرفایلەکانی هیچیان نەماون.

بۆ ئەوانەی کامپیۆتەرەکەیان بە سوێدی یە:

**یەکەم:** Fönster,Medddelande, Meddelande till diskussionsgrupp, Kontakt, Samtal via internet

**دووهەم: لە دووکمــەی ســەرەوەی ســتارت دا** Kör**دا دەنووســی** regedit **و دوکمــەی** Ok **لێدەدەی.**

**سەرچاوە: گۆڤاری** PC hemma **ژمارەی ١١ لاپەڕی ٥٧**

**وەرگێڕان: حامید درودی**

**ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٧**